مسوڵمان شەش مافی هەیە لەسەر مسوڵمان

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مسوڵمان شەش مافی هەیە لەسەر مسوڵمان» ووترا: ئەو مافانە چین ئەی پێغەمبەری خودا؟، فەرمووی: «ئەگەر پێی گەیشتیت سەلامی لێبکەیت، ئەگەر دەعوەتی کردیت وەڵامی بدەیتەوە، ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێکردیت ئامۆژگاری بکەیت، ئەگەر پژمی و ووتی: (الحمد لله)؛ وەڵامی بدەرەوە (بڵێ: يرحمک الله)، ئەگەر نەخۆش کەوت سەردانی بکە، ئەگەر مرد شوێنی جەنازەکەی بکەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە مافی مسوڵمان لەسەر برای مسوڵمانی شەش شتە: یەکەم: سەلامی لێدەکات ئەگەر پێی بگات، ئەمیش بە ووتنی: (السلام عليكم)، وئەویش وەڵام دەداتەوە بە ووتنی: (وعليكم السلام). دووەم: وەڵامدانەوەی دەعوەتی ئەگەر بانگی کرد بۆ وەلیمە یان هەر دەعوەتییەکی تر. سێیەم: ئامۆژگاری دەکات ئەگەر داوای لێبکات، بەبێ ڕوپامایی وبە بێ فێڵ کردن. چوارەم: ئەگەر پژمی، و ووتی: (الحمد لله) واتە: (حەمد وسوپاس بۆ الله)، ئەوا دەبێت وەڵامی بداتەوە وبڵێت: (يرحمك الله) واتە: (الله ڕەحمت پێبکات)، لەبەرامبەر کەسی یەکەم (کەسی پژمیو) دەڵێت: (يَهديكم الله ويُصلح بالكم) واتە: (الله هیدایەتت بدات وکاروبارت چاك بکات). پێنجەم: سەردانی دەکات ئەگەر نەخۆش بێت. شەشەم: نوێژی لەسەر دەکات ئەگەر بمرێت، وشوێنی جەنازەکەی دەکەوێت هەتاوەکو دەفن ودابۆشینی تەواو دەبێت

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5343